هەڵەبجە لەدیدی دووگەشتیاری دانیمارکیەوە

# {ئەو باژێڕەی نەیویست بمرێت}

لە[کتێبی سەفەر بۆ وڵاتێک کە بوونی نیە]وە وەرگیراوە

گۆران هەڵەبجەیی
halabja@ofir.dk

دووهاوڕێ و دوو هاوسەرن، زۆربەی تەمەنی خۆیان بۆ Hjalte Tin , Nina Rasmusssen ئارەزوویەک تەرخان کردووەکە دەگمەنەولەتواناو وزەی هەمووکەسدانیە و لەهەمووکەس ناوەشێتەوە، ئەویش ئارەزووی سەفەرە،سەفەر بۆ دەڤەرە جیاوازەکانی جیهان.

ئەوەندەی لەسەفەردا ژیانیان بەسەر بردووە هێندە لە وڵاتەکەی خۆیاندا بەسەریان نەبردووە.

سەفەرەکانی ئەم دوو مرۆڤە وەک کەسانی دیکەی کەشتیار ئاسایی نیە،سواری فڕۆکە یا شەمەنەفەر یا کەشتی یا سیارە ببن و پاش بەسەربردنی ماوەیەک بگەڕێنەوە وڵاتەکەی خۆیان،سەفەر بەنسبەت ئەمانەوە یانی ئاشنابوون بە کەلتوورە جیاوازەکان،یان پەیداکردنی ئەزموونی نوێ لەمەڕ وڵاتان و نەتەوەکان و گێڕانەوەی بۆ دانیمارکیەکان لە شێوەی کتێبدا.

وێرای ئەمانە سەفەرەکانیان پڕە لە مجازەفەو مەترسی و کێشەو نارەحەتی.

تا ئێستا پتر لە 10 سەفەریان کردووە، لەسەرەتادا منداڵەکانیشیان لە تەکدا بووە ،لێ ئێستا {ئیدا و ئەمیل} تەمەنیان نزیکەی 30 ساڵ دەبێت و چیتر لە و سەفەراندا بەشدارنابن.

یەکەم سەفەریان ساڵی 1983 بووە بۆ باشووری ئەمەریکا بە سواری ماتۆڕ لەگەڵ دوو منداڵەکەیاندا،دوواسەفەریشیان بۆ کوردستان بووە، لە دوای هەرەسی ڕژێمی سەدام بە ماوەیەکی کەم بەسواری ماشێنە گچکە سوورەکەیان .

+سەفەری دوومیان بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا[ئەندەنوسیا ،مالیزیا،سەنگاپورە،تاد] ساڵی 1986
+سێیەم بۆوڵاتی سۆڤیەت بەسواری ماتۆڕ1989
+لە کیپیاونەوە بۆ قاهیرە بە نێو ئەفریقادا بەسواری ماتۆڕ1994
+سەفەر بۆ وڵاتێکی نەناسراو لە ئەوروپا {ئەلبانیا}[تەنها نینا بەبێ هاوسەرەکەی]1996
+بەتەنها لە ئێران [دیسان تەنها نینا]1999
+هیمالایا بە ماشێن 2000
یەک دوو سەفەری دیکەی کوورت بۆ چەند دەڤەرێکی دیکەی جیهان.

وەک لەسەرەتادا ئاماژەم پێدا زادی هەر سەفەرێکیان کتێبێک بووە، هەر کە لە سەفەرێک گەڕاونەتەوە ئیدی دەستیان کردووە بە نووسینی کتێبێک سەبارەت بەو سەفەرە ،پاش کۆتایی هاتنی فرۆشتویانەو بە پارەکەی سەفەری داهاتوویان پێکردووە .واتە بە پارەی کتیبەکانیان سەفەرەکانیان ئەنجام داوە. هاوکات هەر بەو پارەش ژیاون چونکە وێرای سەفەرکردن هیچ کاریکی دیکەیان نەکردووە.شایانی گووتنە کتێبەکانیان خوێنەری باشی هەیە لەماوەیەکی کەمدا لە بازاردانامێنن.

هەریەک لەسەفەرەکانیان ناوێکی لە خۆ گرتووە وهەربەو ناوانەش کتێبەکانیان بەچاپ گەیاندووە.

سەفەرەکەی کوردستانیان ناوناوە {سەفەرێک بۆ وڵاتێک کە بوونی نیە} مەبەستیشیان نەبوونی کوردستانە وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ،نەک وەک خاک و نەتەوە.

ئەم کتێبەم یەکەمجار لە ئاهەنگی ڕۆژی لەدایکبوونی هاوکارێکمدا بەرچاوکەوت[ئەرلین] کە یەکێک لە برادەرەکانی بەدیاری بۆی هێنابوو،ئەویش هەرلەوێ نیشانی منی دا ،پاشان گووتی هەر کە خوێندمەوە تۆش دەتوانیت بیخوازیت بۆ خوێندنەوە .منیش سوپاسم کرد ،لێ چاوەڕێم نەکرد تا لە خوێندنەوەی دەبێتەوە بەڵکە پاش چەند رۆژێک دانەیەکم بۆخۆم کڕی.

کتێبەکە 330 لاپەڕەیە ،بەرگی یەکەمی وێنەی دووهاوسەرەکە[ یەڵتەونینای] لەسەرە لەتەنیشت سەیارەکەیان ڕاوەستاون.بەرگی کۆتایش هەردووکیان بە سواری دەبابەیەکی تێکشکاوی سەردەمی بەعسەوەن،بەوەی ئاگری نەوتەکەی باباگوورگوور لە پشتیانەوە دیارە شوێنەکە دەرەوەی کەرکوکە. .
لەهەردوو دیوی ناوەوەی بەرگەکەی نەخشەی کوردستانی تێدایە لە گەڵ هێڵی سەفەرەکەیان کەلە دانیمارکەوە دەست پێدەکات و بە ڕەنگی سوور کێشراوە،هاوکات ئەو باژێڕانەی لەدەرەوەی کوردستان پێیدا تێپەریون لە تورکیاو سوریا و ئەردەن و عێراق دەستنیشان کراون.
سەفەرەکەیان زیاد لە4 مانگی خایاندووە ،پترلە 20هەزارکم درێژەی کێشاوە سێ بە شی کوردستان بە زۆربەی باژێڕە گەورەکان و ژمارەیەکی بەرچاویش لە گوندەکانی ئەو سێ بەشەیان دیوە.ئەستەنبوڵ و ئەنقەرەو دیمەشق وعەممان و بەغدادیشیان بەسەرکردووەتەوە.لەتەک مرۆڤی سەر بە نەتەوە جیاجیاکان ئاخافتنیان ئەنجام داوە، سەدەها کەسیان ناسیوە ،لەلای چەندین خێزان نانیان خواردوە و جۆرەها خواردنیان چەشتووە.
ئەم سەفەرە دووروودرێژەیان بە سواری [فەرشی فڕیو] ئەنجام داوە ،ئەویش سترۆینێکی سووری مۆدیلی 1986 کە خۆیان ئەو ناوەیان لێناوە و بەزمانەکانی ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی لەسەریان نووسیوە.
ماشێنەکەیان جگەلە ئامرازێکی سەفەر هەندێک جار شوێنی نووستن و حەوانەوەو شێودرووستکردن بووە.

سەردانی عەرەب و تورکمان و کوردو ئەرمەنی و [کلدوئاشور] یان کردووە،چوونەتە پەرستگای ئەزیدی و کریستیان و بەرپرسی حیزبی و حکومی و کەسانی دەوڵەمەند و هەژاریان دیوە، لەهەموو بوارەکاندا زانیاریان

چنگ کەوتووە، سیاسەت کۆمەڵایەتی ،ئابووری ،ئاین تەنانەت ئامادەی زەماوندی ژن گواستنەوەش بوون.




لێ زۆربەی کاتی سەفەرەکەیان لەکوردستان و لەنێو کوردandا بەسەر بردووە، بەتایبەتی باشووری کوردستان، هەرلەوێ زۆرترین باژێڕو گووندو دەڤەر گەڕاون، لەبەر نەبوونی نەخشەی ڕێگاو بان چەنین جاریش ڕێگەیان هەڵەکردووە.
ناواخنی کتێبەکە پڕە لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوان و سەرسووڕهێنەر کە بۆخۆیان جوانترین پێناسەن بۆ وێژگەکانی سەفەرەکەیان.
کتێبەکە تابلێی پڕبایەخ و بەناوەڕۆک دەوڵەمەندەو هەمەلایەنەو وێنایەکی جوان وبێ لایەنی بیروبۆچونی خەڵکانی جیا جیایان کێشاوەو لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیانەدا داڕژراوە، بەزمانێکی هێندە ساناپڕ مانا نووسیویانە دەمێک مرۆڤ هەر گێڕانەوەیەکیان دەخوێنێتەوە خێرا ئەوگێڕانەوەیە بەهەموو وردەکاریەکانیەوە وەک وێنەیەک دێتە پێش چاوی وواهەست دەکات لەبەردەم تابلۆیەکدایە.

ئەوەی سەرەوە کوورتە پێناسەیەکی کتێبەکەبوو کە هیوادارم بە ئێوەی بەڕێزم ئاشنا کردبێت، دیارە من لێرەدا ناتوانم بە دووروودرێژی لەسەرگشت بەشەکانی کتێبەکە بدوێم چونکە زۆر درێژ دبێتەوە، ،هاوکات مەبەستی من زیاتر تیشک خستنە سەر بەشێکی کتێبەکە ،ئەویش بەشی باژێڕی هەڵەبجەیە کە گرنگیەکی تایبەتیان پێداوەو لاپەرەیەکی زۆریان بۆ تەرخان کردووەو کاتێکی زیاتریش لەوێ ماونەتەوە.
دوواشت گەرەکمە ئاماژە بەوە بدەم کە هەر بەشێک لە بە شەکانی کتێبەکانیان یەکێکیان دەیگێڕێتەوە ، واتە لەزمانی یەکێکیانەوەیە ،لێ ئەوەی جێی سەرسوورمانە هەردووکیان یەک شێوازیان لە گێرانەوەدا هەیە کە

خوێنەر بە زەحمەت هەست بە جیاوازی گێرانەوەکان دەکات ،کە بەرای من ئەمەش خاڵێکی سەرکەوتوو




پۆزەتیڤی کارەکانیانە.

هەڵەبجە ئەو باژێڕەی نەیویست بمرێ

گێڕانەوەی نینا

کاتژمێر حەوتی بەیانی لە هوتێلەکە هاتینە دەرەوە،هەڵەبجە دەکەوێتەباشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلیمانیەوە،83 کم مەودای نێوانیانە.مێردەکەم ماشێنەکەی دەهاژووت،پلەی گەرماو هومۆر{خۆشی دەروونی]بەخێرایی بەرزدەبوونەوە، ماشێنەکەمان بەنێو گردۆڵکە نزمەکاندا ڕێگەی دەبڕی،لەمبەروئەوبەرمانەوە کێڵگەی زەردوو سەوزو قاوەیمان بەدی دەکرد کە جۆرەها دەغڵ و سەوزایی تێدا بەرهەم دەهێنرا لەگەنم گوڵەبەڕۆژە کاڵەک پاقلەو و شتی دیکە.

جوتیارەکان بە پشت چەماوی لەبەر ئەو خۆرەگەرمە کاریان دەکرد.



لەجێگەیەک وەستاین بۆ نانخواردن ئەویش سێبەری تەنها درەختێک بوو کە لەڕێگەماندا بوو.

لەوکاتەدا یاڵتە خەریکی چاککردنی یەکێک لە جامەکانی پاشەوەبوو کە دووهەفتەبوو دانەدەخرا،

لێ جامەکە لە بری ئەوەی چاکبێت تەواو چوە خوارەوە بەجۆرێک کە دەرگاکەش دانەدەخرا،بۆیە بۆ چارەسەرێکی کاتی بە پەتێک دەرگاکەمان بەست.لەو گرفتە دەربازبووین بەڵام گرفتێکی دیکە هاتەپێشمان ،دەمێک بۆنانخواردن لاماندا یاڵتە چاویلکەکەی لە سەر کووشنەکەی من دانا ،منیش بێ ئەوەی بزانم لەوی دایناوە لە کاتی ڕۆشتندا لەسەری دانیشتم، هاوسەرەکەم لە تووڕەیدا سیمای سووربوو،خۆشبەختانە زیانێکی ئەوتۆی پێنەگەشت ،تەنها هەندێک چەوت بوو توانیمان تاڕادەیەک ڕاستیبکینەوە.
پاش بەینێک ڕۆشتن بۆمان دەرکەوت کە بە ڕێگایەکی هەڵەدا هاتووین ،ڕێمان کەوتە گووندێکی مەزنی زۆرهەژارحاڵ کە خانوەکانیان گچکەو بە ڕێزی یەکەوەبوون.پاشان هەندێک خانووی ڕووخاومان لەنێو کێڵگەکاندابەدی کرد کە لەوەدەچوو ئاسەواری گووندێک بووبیت.
من بێگومان بووم کە لە سەر شەقامە سەرەکیەکە تابلۆیەکم دیت لەسەری نووسرابوو هەڵەبجە،ناچاربووین بگەڕێینەوەو پرسیار لەهەندێک پیاو بکەین کە خەریکی گیابڕین بوون،پرسیمان هەڵەبجە؟ بەسەرسووڕمانەوە بێ ئەوەی لێمان تێبگەن لەئێمەیان دەڕوانی .هەڵەبجە بەڵی هەڵەبجە، هەڵەبجە کیمیاوی؟ئۆە کیمیا،ئەوجا لێمان تێگەشتن کە مەبەستمان هەڵەبجەی کۆنە،دیاربوو لەیادیان مابوو کە هەڵەبجە ساڵی 88 بە گازی کیمیاوی لێدرا،نەک هەر ئەوان هەموو کوردان ئەوە دەزانن.دەرکەوت ئەو هەڵەبجەی ئێمە بۆی چووین هەڵەبجەی نوێە کە سەدام پاش وێرانکردنی هەڵەبجە ئەم شوێنەی بۆ باژێروانەکان درووستکرد.چووینەوە سەر شەقامە سەرەکیەکەوبەرەو هەڵەبجەی کۆن ڕێگەمان گرت،لە دەروازەی شار لە خاڵی کۆنترۆڵ پۆلیسەکان



ئاگاداریان کردینەوە کە سەردانی ئۆفیسی پۆلیسی شار بکەین.

یەکێک لە پۆلیسەکان ویستی لەتەکماندا سواربێت لێ گووتمان کە جێگەنیەو ماشێنەکەمان پڕە لە شتوومەک.بۆیە تەلەفۆنیان بۆ تەکسیەک کرد و لە پێشمانەوە بەرەو بنکەی پۆلیس ڕۆشت.
لەوی لەم ژوور ئەیبردین بۆ ئەو ژوور، بیناکە بە بلۆکی ڕووت درووستکرابوو زۆربەی ژوورەکانی خاڵی بوون.لەیەکێک لە ژوورەکاندا کەسێک لەسەر کورسیەک دانیشتبوو دیاربوو هیچ کارێکی نەبوو،لە کۆتایداچووینە کن بەرپرسەکە کە لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو چەند میوانێکی وورگ زلی لابوو کە بە بەرگەکوردیەکانیانەوە لەنێو کەرەوێتە گەورەکاندا وونبووبوون.بەرپرسی بنکەکە زۆر میهرەبان بوو لەگەڵماندا، بەڵام ئینگلیزی نەدەزانی بۆیە پێویستمان بە وەرگێڕهەبوو. ئێمە ئارەزوومان نەدەکرد کەسێک بێت بە کۆڵمانەوە ،هاوکات نەماندەتوانی بیسەلمێنین ئێمە ڕۆژنامەنووس نین،پاشان بۆمان دەرکەوت هەر جۆرنالیستێک بێتە هەڵەبجە بە خۆڕایی وەرگێڕو یاریدەدەری بۆتەرخاندەکەن.
کابرای بەڕێوەبەری پۆلیس فڕی بەسەر ئەوەوە نەبوو کە ئێمە لەکوێوە هاتووین و چۆن گەشتووینەتە ئێرە یاڵتە هەوڵیدا بە شێوازێکی پەدەگۆگی بۆی ڕوونبکاتەو کە عێراق تەنها لە سەددام ڕزگاری نەبووە بەڵکو لە سیستەمی کۆنترۆڵیش،ئەوەتا هەموو سنورەکان لەسەرپشتن ،ئێمەش هاتووین تابزانین لێرە چی هەیە.پاش بەینێک دووکەس هاتن کە ئەندامی ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤ بوون،هەردووکیان زۆر بەڕەوشت وڕووخۆش بوون

ئینگلیزیەکی باش قسەیان دەکرد.پرسیان بۆچ ڕۆژنامەیەک کاردەکەن؟گووتمان بۆ هیچ ڕۆژنامەیەک کارناکەین بەڵکو بۆ خۆمان کاردەکەین کتێب سەبارەت بە سەفەرەکانمان دەنووسین.
بۆچی نەتانگووت دەمانەوێت سەبارەت بە کوردستان کتێب بنووسین؟ئەمە پرسیاری یەکێکیان بوو.بە بزەیەک یاڵتە بەرسیڤی دایەوە.
پاشان یەکێکیان کە ناوی محەمەد بوو بردینی بۆ ئۆفیسەکەی خۆی کە لەنێو بینایەکی گەورەی پیس وپۆخڵدا بوو ،ئۆفیسەکەیان کەوتبووە نهۆمی یەکەم،تەنها کۆمپیتەرێکی تێدابوو.وورده وورده تێگەشتین کە مەبەستیان یارمەتیدانمانە ،بۆیە ترسمان رەویەوەو ڕووخۆشیمان نیشاندا.
دەرکەوت محەمەد کەسێکی ناسراوەوچەندین کتێبی لەمەڕ سیاسەت نووسیوە، سیاسیەکی بەتوانایەو زۆریش




گەشبینە بە ئایندەی کوردستان.

دەمی نیوەڕۆ بوو برسیەتی زۆری بۆهێنابووین محەمەد بردینی بۆ بازار بۆنانخواردن،لەڕێگە گووتی من ئێوەم لە ژووری کارەکەم لەسەرەو دی هەر خۆشم تەلەفۆنم بۆ بەڕێوەبەری پۆلیس کرد کە دەمەوێت بتانبینم.پاشان داوەتی ماڵی خۆیانی کردین کەهەر لەو نزیکانەبوو خانویەکی پیس و نیوە رووخاو لەبەردوبلۆک دروستکرابوو.دیاربوو خاوەنەکەی پاشگەڕانەوەیان بۆ ئێرە بە خیرایی بینایانکردبوویەوە.
خانوەکە لەسێ ژوور و مەتبەخێک پێکهاتبوو،سەیرلەوەدابوو ژورەکانی نووستن هیچ پەنجەرەیەکیان تێدا نەبوو.لەبەرهەیوانەکەدا حەوشەیەکی بچوک هەبووکە درەختێک وبڕێک گول وگەنجینەیەکی گچکە بۆ پاراستنی کەلوپەلی زیادە.پاشان سڵاومان لە هاسەرەکەی محەمەد کوێستان کرد،ئافرەتێکی ڕووخۆش و زمانی ئینگلیزی دەزانی،پیشەی مامۆستابوو،لێ ئیستا لەماڵەوەیە لەلای کورەهەشت مانگەکەیی و کچە دووساڵ و نیوەکەی،دوومنداڵەکەی دیکەی 8 و 13ساڵ لەلای دایکی کوێستانن لەسلیمانی تاکوێستان بتوانێت باشتر خزمەتی گچکەکان بکات.
کچە دوساڵ و نیوەکەی نەخۆشەو هیچ ئارەزووی خواردنی نیە.دەگمەنن ئەو ئافرەتانەی کە لەدەرەوەی ماڵ کاردەکەن ئەویش لەبەر ئەوەی منداڵیان زۆرەو ئیدی کاتیان بۆکارکردن نامێنێتەوە.سەیرلەوەدایە بەردەوام لەکاردان لە سپێدە تا ئێوارە،خۆشی وبەختیاری بە سیمایانەوە نابینریت هەردەم ماندوون.
یاڵتەو محەمەد باسی سیاسەتیان دەکرد،کوێستانیش دووپشتی هێناو لەسەر دۆشەکڵەکان لە هەیوانە کە دانیشتین،کوێستان خەریکی ئامادەکردنی چابوو بەچاکم زانی بەتنها نەبیت بۆیە دەستم بە ئاخافتن

کرد. پرسیم چۆن شووت بە محەمەد کرد ؟گووتی هەردووکمان خەڵکی سلیمانین لەوی یەکترمان ناسی و پاشان ژیانی هاوسەریمان پێکهێنا . ئەمە نۆرماڵە؟ کوێستان بەرسیڤی دایەوە بەڵێ لە باژێرە گەورەکاندا نۆرماڵە،لێ لە باژێرە بچوکەکان و گوندەکاندا بەتایبەت بۆ ئەو کچانەی کە شەهادەیەکیان بەدەست نەهێناوە، بۆ شوکردن زیاتر خێزانەکانیان بڕیاردەدەن.
لەپڕ کوێستان پرسی کەلوپەلی میکیاژت پێنیە؟

**نا من زۆر کەم بەکاری دەهێنم تەنها ئەو دەمانەی کە دەچمە ئاهەنگ.ئەی تۆ ناچیتە ئاهەنگ؟ نەخێر محەمەد نامبات کاتی نیە بەردەوام سەرقاڵی سیاسەتە.**

**محەمەد لەولاوە هەڵیدایە /ڕاستە من کەسیکی کۆمەڵایەتی نیم ،ئارەزوودەکەم زۆربەی کات بەتەنهابم بنووسم و بخوێنمەوە،کاتی خۆم بۆ شتی دیکە بەفیڕۆ نادەم.**

**محەمەد باسی ئەوەی کرد کە چۆن براگەورەکەی ساڵی 1986 پاش دووهەفتە بەسەر ئاهەنگی هاوسەریەتیدا گرتیان و دوای چوارمانگ لەسیدارەیاندا.**

**لەحاڵەتی وادا باوە ئافرەتەکە شووناکاتەوە،چونکە بەشوکردنی گوایە ئابڕووی خیزانی مێردەکەی لەکەدار دەکات ،لێ ئێمە براژنەکەمان ئازادکرد لە شوکردندا،لێ بۆپیاوهەیە کەی بیەوێت ژن بهێنێتەوە،هاوکات بۆی هەیە لەیەککاتداچەندین ژنی هەبیت .**

**محەمەدلەسلیمانی لەدایک بووە،باوکی دووکانی فرۆشتنی پارچەی یەدەکی سیارەی هەیە.**

**لەتافی لاویدامحەمەد لەزانگۆی بەغداکۆلیجی سیاسەت ویاسا خوێندویەتی، دوای کۆتایی هێنانی خوێند گیراوەو 32 ڕۆژ بەتەنها بەندکراوە،پاش4 مانگ ئازاددەکرێت ،لێ هیچ جۆرەکارێکی پێنادەن.{لەکاتی ئاخافتندا محەمەد چاوی بڕیبووە چاوی یاڵتە}،پاش ئازادبوونی کوردستان لێرە لە هەڵەبجە کارم چنگکەوت،خەونم ئەوەیە بگەڕێمەوە بۆزانکۆ بۆ زیاترخوێندن تا لەئایندەدا لەزانکۆ وانە بڵێمەوە.**



**محەمەد لەهەڵوێستی سەرکردایەتی دووحیزبە زلهێزەکە نیگەران بوو بەوەی باس لە سەربەخۆیی کوردستان ناکەن،بەبۆچوونی وی دەبێت کوردستان کۆنفیدراڵی لەتەک بەشە عەرەبیەکەدا ببەستیت.**

**ئێمە بە ئەمەریکا دەڵێین تێگەشتنمان بۆ بەرژەوەندیەکانتان هەیە ،لێدەبێ هاوکات گرنتی بە ئێمە بدەن کە بمانپارێزن.**

**خەونی محەمەد کوردستانێکی سەربەخۆیە بۆیە زوو زوو بۆئێمەی ڕاستەکردەوە کاتێک کە دەمانگووت کوردستانی عێراق،ئەو دەیگووت باشووری کوردستان ،باکووری کوردستان ،ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**لە حەوشەکەدا لە ژێر درەختەکەدا چەند دۆشەکێکیان ڕاخست تا سەرخەوێکی دووای نیوەڕۆ بشکێنین.**

**محەمەد لەتەک منداڵەکاندا لە یەکێک لەژوورەکان نووستن ،کوێستانیش لە مەتبەخ لەگەڵ مەنجەڵ و قاپەکاندا هەرتەقەی دەهات.**

**لەئێوارەدا دەمێک کوێستان خەریکی درووستکردنی شێوی ئێوارەبوو ئێمەو و محەمەد بە پیاسە چوین بۆ ئەو جێگایانەی کە لەشارەکەدا بوونە هۆی ناوبانگ دەرکردنی هەڵەبجە.**

**[ساڵی 1988 لەو کارەساتەدا باژێڕەکە بە چەندین بۆمبای تەقلیدی بۆردوومانکرا ،پاشان بەجۆرەهاگازی کیمیاوی لێدرا،لەئاکامدا 5000 مرۆڤ مردن وە 10000 یش بریندداربوون ،باقی شارەکە 60000 کۆچیان کرد بۆئێران.]**

پلانی سەدام تەنها وێرانکردنی باژێرو گووندەکان نەبوو بەڵکو لەنێو بردنی هەموو کورد بوو ،بەڵام دیارە بۆیان دەرکەوتووە کە ئەوە کارێکی گرانە، بیانوی لێدانی باژێری هەڵەبجەش ئەوەبووە کە گوایە کوردەکان چەکیان لە ئێران وەرگرتووە و ڕووبەڕووی سوپای عێراق بوونەتەوە.
بەنێو شارەکەدا پیاسەیەکمان کرد خەڵکەکە وەک ئێمە دوای خەوی نیوەڕۆ هەستابوون و بازاڕیان دەکرد، کڕینو فرۆشتن لەدوکانەکاندا یاخود لەسەر عەرەبانە دەستگێڕەکان دەستی پێکردبوو،لەسیمای مرۆڤەکاندا ڕازیبوونم بەدی دەکرد.

هەندێک لە خانوەکان سەرلەنوی بیناکرابوونەوە پاش ئەوەی سەدام لەگەڵ زەویدا تەختی کردبوون،هەندێکیشیان تەنها چەند ژورێکیان ئاوەدان کردبوویەوە،باقیەکەی بەوێرانی مابوویەوە، هەندیکیشیان پارەیان نەبووە هیچ دەستکاری بکەن،ئەستەمە هەموو شارەکە وەک خۆی درووستبکرێتەوە،هاوکات دەتوانم بڵێم هەموودانیشتوانی شارەکە نەگەراونەتەوە.
لەیەکێک لە سێڕیانی شارەکەدا پەیکەرێکی چڵکنی لە برونز درووستکراومان دیت کە وێنەی پیاوێکە کۆرپەکەی لەئامێز گرتووە و هەوڵی ڕزگارکردنی داوە.
ئەم وێنەیە سومبڵ و هێمایە بۆ کارەساتی هەڵەبجە کە لەهەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە.
ئەو وێنەیە لەلایەن فۆتۆگرافی تورک ڕەمەزان ئۆزتورکەوە گیراوە،ئەو لەتەک 40 جۆرنالیستی دیکەدا بەسەفەرێکی مەترسیداردا هاتوونەتە شارەکە.هەلیکۆپتەرێکی ئێرانی لەئێرانەوە تا کەناری شاری هەڵەبجە هێنابوونی.
دەمێک ئەو جۆرنالیستانە هاتنە ناوشار هێشتائاسەواری کیمیابارانەکە بەسەرشارەکەوە مابوو بۆیە ماسکیان لەسەردابوو،لاشەکان لەشوێنی خۆیاندابوون لەبارێکی زۆر ناخۆش وتراژیدیادا سووتابوون یا ئاوسابوون منداڵ و ژن و پیاو ئارەڵ زۆربەیان بەسەر یەکتردا کەوتبوون.
دەمێک ڕەمەزان ئەو پیاوەی بەو جۆرە دیت زۆر کاریگەری لەسەری هەبوو بۆیە لەسەرچۆک دانیشت و فلیمێکی تەواوی تێدا بەکار هێنا تا بە جۆرێکی شایستە نیشانی جیهانی بدات و لە ئاکامدا ئەو وێنە بەناوبانگەی لێدەرچوو کە ئێستا بوەتە سومبوڵی ئەو کارەساتە.
ئەو حاڵەتە هێندە کاریگەری لەسەر ڕەمەزان هەبوو پاش ئەوە بۆهیچ شوێنێکی دیکەی شارەکە نەچوو.
دەمێک ئەمریکیەکان سەدامیان گرت حاشای کردبوو کە عێراق چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان بەکار هێنابێت ،بەڵکو گووتبووی ئێرانیەکان بەکاریان هێناوە،وەلێ ئەوە درۆبوو چونکە خۆم شایەتم هەیە کە عێراق چەکی کیمیاوی دژی کوردەکان بەکار هێنابوو.ئەویش شاهین ناوێکە کە ئێرانیەو لە بەرەی جەنگدابووە.شاهین لە کاتی جەنگدا لەتەک برادەرێکیدا لەسەر گردۆڵکەیەکی نزیک بە نەخۆشخانەیەکی ئێرانی وەستابووند ،دیتیان دەمێک چەند فڕۆکەیەکی عێراقی هاتن و نەخۆشخانەکەیان بۆردوومانکرد و دووکەڵی زەرد لە نەخۆشخانەکە بەرزبوویەوە ،لەئاکامدا زۆریک لە نەخۆشەکان وسەربازو دکتۆرو کارمەندانی دیکە مردن، تەنها دووکەس دەرچوو ئەوانیش دەمووچاویان شتبوو پاشان چووبوونە ناو نەخۆشخانەکەوە، بەهەمووی نزیکەی 1000کەس

لەوێدامردن.پاش چەند کاتژمێرێک شاهین وبرادەرەکەی ژیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەو دادەبەزن و



ئەوکارەساتە دەبینن.

لەم ساڵانەی دوایدا هەلەبجە ببوە شارێکی داخراو و لەلایەن گرووپێکی فوندەمانتالیستەوە حوکم دەکرا کە پشتگیری وکۆمەکیان لەلایەن ئێرانەوە وەردەگرت بەناوی [ئەنسار الاسلام] کە ئێستا سەرۆکەکەیان لە نەرویج مافی پەناهەندەیی وەرگرتووە، لەژێر دەسەلاتی ئەماندا هەموو ئافرەتان ناچارکرابوون کە سەرپۆش بپۆشن، بارەگای دەسەڵاتیشیان لە مزگەوتێکی ڕەنگ سەوزدا بوو کە بەپارەی سعودیە درووستکرابوو.{لێردانووسەر هەڵەی کردووە ،مەبەستی بزووتنەوەی ئیسلامیە،چونکە دەسەڵاتی ملاکرێکار لەبیارەبووە نەک لە هەڵەبجە- و.}
هاوڕێکەمان محەمەد مرۆڤێکی ئاینی نیە بەڵکو بڕوای تەواوی به زانست هەیە و لایەنگری بیردۆزەکانی دارۆینە، ڕێز لەمافی ئافرەت دەگرێت و کوێستانی هاوسەری بەبێسەرپۆشەو بەرگی مۆدرن دەپۆشێت، وەک ئافرەتانی شارەکە نیە کە زۆربەیان خۆیان پێچاوەتەوە.کوێستان دەیگووت
دەمێک بەبێسەرپۆش و بە قژی کورت لەبازاڕدا دەڕۆم واهەستدەکەم ڕقیان لێم دەبێتەوە.
کاتێک بەناو شاردا پیاسەمان دەکرد بۆم دەرکەوت کە شارەکە لە دەریایەکی گچکەو پانەوە نزیکە،لێ دەریاکەو تیشکە سوورەکانی خۆرکەش هێدی هێدی لەنێو ئەنتێنی تەلەفزیونی سەربانەکاندا لەبارچاو ووندەبوون.
کە هاتینەوەبۆ ماڵ کوێستان خوانی ئێوارەی لە حەوشەکەدا ئامادەکردبوو،بەچواردەوری سفرەیەکدا دانیشتین نانمان خوارد ،پاش خواردنی شێوی ئێوارە من و هاوسەرەکەم دۆشەکەکانی خۆمان لە حەوشەکەدا ڕاخست، چونکە ئارەزوومان لێبوو لەوێ بخەوین،کوێستان و محەمەد نیگەرانی ئەوەبوون کە شەو سەرماماندەبێت.
پلەی گەرما بەڕۆژ 38 و بەشەویش28 پلەبوو،ئەوەش بۆئێمە ئاسان نەبوو پێی ڕابیین،لێ لەگەڵ ئەوەشدا بیرمانکردەوە گەر هاتو شەو سەرمامان بوو ئەوا کیسی خەومان پێیە بەکاری دەهێنین.
ئەستێرەکان بەسەرمانەوە دەدرەوشانەوە گوڵەکانیش بەتەنیشت دۆشەکەکانمانەوە بۆنی شەویان پێدەبەخشین،هەمووشت لەهێمنیدا خۆی دەنوان،کوێستان و محەمەد منداڵەکانیان خەوان و خۆشیان لە زەوی لە تەنیشتیان خەوتن.چاومان خەریک بوو دەچووە خەو لەپڕ کەڵەشێرێک لە دراوسێکانەوە دەستی بە خوێندن کرد، بێ هۆ بەردەوام دەیخوێند و کەڵەشێرەکانی دیکەشی ناڕەحەت کردبوو بەوەی ئەوانیش جاروبار دەنگێکی نارەزاییان لێبەرز دەبوویەوە،دەمێک خەریک بوو ڕۆژ دەبوویەوە ئەوجا وازی لە خوێندن هێنا.ئێمە خەریکی پێچانەوەی شتەکانمان بووین تا بەردەوام بین لەگەران،لێ محەمەد سەیرانێکی بۆ ڕێکخستبووین بۆ گوندیک

لەنێو چیاکاندا ،بێگومان ئیمەش پێمانخۆش بوو بۆیە وازمان لە پێچانەوەی شتەکانمان هێنا.پێویست بوومحەمەد سەرێک لەکارەکەی بدات،ئێمەش پێمان خۆشبوو لەتەکیا برۆین.لەوێ خەڵکانێکی زۆر سەرەیان بۆ مووچەگرتبوو کە زۆربەیان کەسانی بەتەمەنبوون.محەمەد گووتی پاش ساڵی 1991پترلە 1100 کەسی خەڵکی ئەم شارە مووچەمان بۆ براوەتەوە بۆ بژێویان،وەلێ ئەو بڕەپارەیە ئەوەندە نیە بتوانن پێی بژین،شارەکە پڕە لە مرۆڤی بێتواناو بێکار.محەمەدو کچەکارمرندەکەی لەگەلیدابوو تەنها ئەوەندەیاندەتوانی کەبۆیان ڕوون بکەنەوە کە پارە نیەو هێشتا نەهاتووە،تاڕادەیەک توانیان خەڵکەکە هێور بکەنەوە ،لی زۆرێکیان ئامادەنەبوون بیرۆکە جێبهێڵن،پاشان هەرچۆنێک بوو ڕۆشتن.
گەنجێکی سیماسووری قەڵەو کە ناوی شێرکۆ بوو لە بیرۆکە چای دادایە فرمانبەران و پاک وخاوینیشی رادەگرت ،هەموو بەم کورەیان ڕادەبوارد کەسێکی خۆشباوەڕبوو،ئەویش گوتی منیش دێم لەتەکتاندا،محەمەدیش دڵی نەشکان و لە پشتی پیکابەکەوە سواربوو.جگە لە شێرکۆ بردەرێکی دیکەی محەمەد کەلە بیرۆیەکی دیکە کاری دەکرد ئەویش لەتەکمانداهات.ئەم مرۆڤە دەشەلی بەهۆی ئەوەی لاقێکی بە مین لەدەست دابوو وە بە پلاستیک دانەیەکیان بۆ درووست کردبوو.لەدەمی جەنگی عێراق ئێراندا دەڤەرێکی بەرفراوانی کوردستا مین ڕێژکرا،تا ڕۆژی ئەمرۆش بەهۆی ئەو مینانەوە خەڵکانێکی زۆر بەردەکەون،لەو دەمەی گرووپێکی توندڕەوی ئیسلامی کۆنترۆڵی هەندێک گووندیانکردبوو ئەوانیش درێغیان لە مین چاندن نەکرد،خۆشبەختانە ئەمریکیەکان لەسرووەختی خستنی سەدامدا بە چەند مووشەکێکی دەریایی لەناویان بردن.
دەبوو شێرکۆ بەهاوسەرەکەی بلێت کە دەچێت بۆ سەیران لەوەش خراپتر دەبوو پێی بڵێت کەدرەنگ دێتەوە ،جا نەیدەزانی چۆن پێی بڵێت چونکە لە هاوسەرەکەی دەترسا،برادەرەکانیشی پتر مەسخەرەیان پێدەکرد،بەڵام شێرکۆ زویرنەدەبوو بەڵکو بە پێچەوانەوە پێی خۆشبوو.
شۆفێرەکە لە گوندێک وەستا کە دووناوی هەبوو{کانی کەروێشکە ، کانی ژاڵە}.دیرۆکی ئەم گوندە دەگەڕێتەوەبۆ سێ سەد سال لەمەوبەر کە چوار برا ئەم گوندەیان ئاوەدان کردوەتەوە، سەرنجیان داوە لەکن کانیەکەداچەن کەروێشکێک هەن ئیدی ناویان ناوە کانی کەرویشکە.کانیەکی زۆر جوان ئاوێکی ساردوو سازگاری بەخووڕی لێ دێتەدەرەوە کە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ گوندەکە.ناوی دوومی کانی ژاڵەیە بەهۆی ئەوەی کانیەکە بەنێو کۆمەڵێک ژاڵەی جواندا ڕەودەکات.
هەموو گروپەکە بە توولە ڕێیەکدا بەرەو گوندەکە شۆربوینەوە ،لەوی تابان و عەزیز لە پێشوازیماندا بوون.عەزیز وەک گوندیەکانی دیکە خەریکی زەرعات و ئاژەڵداریە هەر ئەوەندە بەرهەم دێنن تا بەشی خۆیان بکات ،چونکە بەرهەمیان ئەوەندەنیە کە بە چاکی پێی بژین، خانوەکەیان لەیەک ژوور پێکهاتبوو، تەنانەت لەنێو ماڵیشدا شتێکی ئەوتۆیان نەبوو،لەهەندێ کەلوپەلی مەتبەخ و چەند ڕاخەرێکی کۆن بەولاوە هیچ شتێکی دیکەمان بەدی نەکرد.پاشان بۆماندەرکەوت کە بۆخەویش هەر ئەو دۆشەکلانە بەکار دەهێنن.ژورەکەش هێندە نزم و بی پەنجەرەبوو ئەستەم بوو بتوانین لەوی دانیشین.
تابان هاوسەری عەزیز بەخێرایی ئاوی ساردی بۆهێنان، پاشانێش چای شیرین لە پەرداخی بچوکدا {پێاڵە}،تابان ئافرەتێکی گورجوگۆڵەو زووهەست بە شت دەکات ،هەر دوای چاتیکردن دەستیکرد بە ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ .لەدەرەوە لە سایەی سێبەرو شنەی گەڵای درەختێکدا دانیشتبووین،لە بەرزاییەکدابووین هەموو گوندەکەمان لێوە دیاربوو کە دانیشتوانەکەی 200 کەس دەبوون ،مزکەوتە گچکەکەی گوندەکەشمان لێوەدیاربوو کە تازە درووستکرابوو.
پەڵتە داوی لە عەزیزکرد کە مرۆڤێکی تەمەن نزیک پەنجاساڵ دەبوو،باسێکی مێژووی گوندەکەیمان بۆ بکات.

عەزیز گووتی من لەم گوندە لەدایک بووم هەر لێرەش گەورەبووم،بۆیەکەم جار سوپای عێراقی ساڵی 1979 گوندەکەمانی لەگەڵ زۆر گوندی دیکەی ئەم دەڤەرە بەدرێژایی 20–30 کم بەرەرو سنووری ئێران وێرانکرد و هەمووخانوەکانیان بە دینامیت تەقاندەوەو ئێمەش بارمانکرد بۆهەڵەبجە.
عەزیز لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا ڕووی گرژو تووڕە نەدەبوو بەڵکو لەسەرخۆو شتەکانی وەک خۆی دەگێڕاوە کە چۆن ڕوویداوە.
لەدرێژەی قسەکانیدا عەزیز گووتی کاتێک جەنگی عێراق ئێران ڕوویدا ئێمەی کورد دژی هاتنە ناوەوەی سوپای ئێران بووین هاوکات دژی سوپای عێراقیش دەجەنگاین.
ئەی کەی گەڕانەوە بۆ گوندەکەتان؟؟
لەهەڵەبجە ماینەوە تا کیمابارانی ساڵی 1988
کوێستان ئاماژەی بۆکردم کە تابان بریندارى چەکی کیمیاویە،من گەرەکم بوو زیاتر لەگەڵ تابان بدوێم،عەزیز مرۆڤێکی کراوەبوو ڕێگەی بەتابان دەدا بەشداری لە گفتووگۆکاندا بکات وە ڕێگەیان پێدام زیاتر بیدوێنم بەڵام بەهۆی سەرقاڵیەوە کات نەبووبۆ ئەو شتە.
کوێستان گووتی ئافرەتی گووندی ژیانێکی سەختی هەیە ،بەیانیان زوو لەخەو هەڵداستێ کاردەکات تا نیوەڕۆ،نیوەڕش ئەودەمەی هەمووکەس سەرخەو دەشکێنێ ئەو خەریکی کارە،شەوانیش ئافرەتی کوردی دوواکەسی خێزانە کە دەچێت بۆ خەوتن.
عەزیز گووتی دوای جەنگی کویت ئێمە گەراینەوەبۆ گووندەکەمان و ئاوەدانمان کردەوە.
بۆمن و یاڵتەی هاوسەرم زەحمەت بوو تیبگەین کە بۆچی هەنێ کەس ئارەزوویانە ژیانێکی بیدایی سەخت و دوور لە شارستانی بۆخۆیان هەڵبژێرن.
یەڵتە پرسی ئەی بۆ لەشار نەمانەوە؟عەزیز بەدەستی ئاماژەی بۆ خانوە قووڕەکان کرد گووتی حەزدەکەم لێرە بمرم ،گووتی ڕاستیەکەی هەمووخێزانەکان نەگەڕاونەتەوە لە کۆی 300 ماڵ تەنها 200 ی گەڕاوەتەوە.
هەر لەگەڵ گەیشتنماندا هەستم کرد کە ئەم گووندە چەند جوانە ، کەوتوەتە بەرزاییەک دەڕوانێت بەسەر ڕووبارێکی شینی بچوکدا لەنێو دوو چیادا ،ئەوەش پانۆڕامایەکی جوان نیشاندەدات.
لەوبەرەوە بیناکردنەوەی گووندیکی دیکە دیاربوو،عەزیزگووتی کەسی تێدا ناژی چونکە هاوینان زۆرگەرمە وسەوزایی کەمە ،تەنانەت تاکە درەختێکیشی تێدا نیە.عەزیزوتابان زۆر بەختەوەرن بەوەی ماڵەکەیان لە تەنیشت دوودرەختەوەیە کە باشترین و زۆرترین سێنەریان پێ دەبەخشن ،بێ ئەمانە تەنها چەند درەختیکی دیکە لەنزیک کانیەکە هەن. لەنزیک کانی ژنانیش هەندێک سەوزایی وورده ڕووەک هەن،هەر لە هەمان کانیەوە بە بۆریەک ئاوێکی خاوێن دەچێت بۆ مزگەوتی گووندەکە کە پیاوان بۆ دەستبەئاو گەیاندن و دەستنوێژ بەکاری دەهێنن.
خەرجی درووستکردنی ئەم مزگەوتە لەلایەن سعودییەوە دراوە ،هەرلە ڕێگەی باتری سەیارەوە وزەی کارەبایان بۆ بڵندگۆی مزگەوتەکە مەیسەر کردووە.
چ داخوازیەکتان هەیە بۆ گووندەکەتان؟یەڵتە لە عەزیزی پرسی،
عیادەیەکی پزیشکی،کارەبا و هەندێک پێویستی دیکە،لێرە تاقە ماڵێک کارەبای هەیە ئەویش لەڕێگەی موولیدەیەکی بچوکەوە کە تەنها ڕۆشنایی بە چەند گڵۆپێک دەدات.
عەزیز هیواخوازبوو کە دەسەڵاتدارانی کورد داخوازیەکانیان بۆ دابین بکەن،لێ محەمەد ڕەشبین بوو گووتی لەوەناچێت دەسەڵاتی کوردی هەوڵی هەبێت بۆ پێشکەوتنی ئەم دەڤەرە.
عەزیز ووتی گەر ئێمەی گووندی خۆمان هەوڵێک بۆخۆمان نەدەین ئەوا ژیانی مۆدێرن هەرگیز ناگاتە ئێرە،تائێستا کارەکامنان بەم جۆرەی ئێستا مەیسەر کردووە،بە بێڵ و خاکەنازو هەندێکیش بە گاجووت زەوی

دەکێڵین، هیچ جۆرە تراکتۆرێک لەم گووندەدانیە.دوو ڕێکخراو ی جیهانی کاریان ڕاستبێت لەتەنیشت کانیەکەتەنکیەکی ئاویان بۆ درووستکردین وهەرلەویوە بۆری درێژکرایەوە بۆ سی حەوزی ئاودێر.
تابان و کوێستان خوانیان ئامادەکرد ،هەمووومان سواری سیارەکە بووین شۆفێرەکە لە بەرزاییەکدا زۆر نزیک بەدەریاکە ماشێنەکەی ڕاگرت کە سێبەر پۆشیبووی ،لەوێ ڕاخەر ودۆشەک و پشتی دانرا،سفرەیەکی نایلۆنیش لە ناوەراستدا داخراو ئێمەش بەدەوریدا دانیشتین و خواردن تێکرا،هەرکەسە بەجیا خواردنی خۆی خرایە بەردەمی.تابان و کوێستان قازانێکی گەورە شلەی مریشکیان لێنابوو،مریشکەکە بەجیا لەدەوریدا و شلەکەش بەجیا لەقاپی قووڵدا دانرابوون،زەڵاتەشکرابوو کە تەماتەو خەیاربوو ،لە پاڵ زەڵاتەکەدا تەرەپیاز بە چەپکی بچوک بچوک دهانرابوو ،تەرە پیازەکە هێندەبوو کە بەچارێک مرۆڤ دەیتوانی بیخاتەدەمی،وێرای ئەمانە نانی کوردی گەورە تەنک وەک کاغەز پێشکەشکرا ، تابان خێراخێرا سەهۆڵاویشی دەداینێ.دوای نانخواردن تابان چایشی پێداین، بەردەوام دەجوڵا خۆی دەیوت حەزدەکەم خزمەتتان بکەم.
پاش خواردنی ئەو خوانە بەلەزەتە کاتی جالاکی نیوەڕۆ هات کە گەرەک بوو هەندێک بزوێین،لێ بەهۆی گچکەیی دووزارۆکەکەی کوێستان و محەمەدەوە کە نەیاندەتوانی بەو گەرمایە بڕۆن بێزاردەبوون،چونکە گەرمای ساڵ لەم کاتەدا دەستی پێکردبوو وە پلەی گەرما لەبەرزیدابوو ،بۆیە ناچاربووین ببین بە دوو گرووپ ،گروپی پیاوەکان کە چوون بۆ مەلەکردن و ئافرەتەکانیش لەژێر درەختەکەدا مانەوە،ئەمەش بۆمن زۆر گوونجابوو چونکە کاتی باشم دەبێت بۆ ئاخافتن لەگەڵ کوێستان و تاباندا ،ئێستا هیچ شتێکیان نیە بیکەن ،تەنها ئەوە ماوە سفرەکە بپێچنەوەو زیادەخواردنەکەش هەڵگرن.لەپاڵ ڕەگە گەورەکانی درەختەکەدا ڕاکشابووم تەماشای مێروولەکانم دەکرد کە چۆن هەوڵیان دەدا ووردەنانەکانی پاشماوەی ئێمە بەرنە چاڵەکانیانەوە، سەرنجی دەورووبەر لە جێگە سێبەرەکەمەوە زۆر جوان و دڵفرێن و خەیاڵاوی بوو ،لەژێر ئاسمانی شینی یاقووتیدا چیاکان وادەهاتنە بەرچاو کە لە شووشەدرووستکرابن، ئەویش بە هۆی ئەو هەڵمە گەرمەی ڕوویانی پۆشیبوو.
منداڵەکان لالوپاڵ لەسەر بەڕەکان خەوتبوون،کوێستان قسەکانی تابانی بۆ من وەردەگێڕا.
دەمێک هەلەبجە کیمیابارانکرا تۆ تەمەنت چەند بوو؟
تابان بەزەردەخەنەوە بەرسیڤی دایەوە 16ساڵبووم.
لەڕۆژی بۆردوومانەکەدا لەکوێ بوویت؟
کوێستان بەخێرایی بەچەشنێک وەرامی دایەوە کە وەک شتێکی ئاسایی بێت وڕۆژانە باسی لێوەبکرێت،
سەرەتا بە بۆمبای ئاسایی بۆردوومانی کردین ،ئێمە هەموو پەنامان بۆ ژێرزەمینیماڵەکەمان برد دوای ئەوە ئێتر هیچم بیر نایەت ،کاتێک بەهۆش هاتمەوە خۆمم لە یەکێک لە خەستەخانەکانی تاراندا دیەوە.
سوپای ئێران کە شاریان داگیرکرد بەرلەوەی بۆمباباران دەرست پێبکات لەشارکشانەوە،لێ پاشان هاتنەوە ناوشار بۆ ڕزگارکردنی ئەو باژێریانەی کە لە ژیاندامابوون. لە خەستەخانەکەی تاران مانگ ونیوێک مامەوە پاشان گوێزرامەوە بۆ وڵاتی نەمسا بۆ چارەسەر لەوێش چوارمانگو نیو مامەوە.
ئەوێ چۆن بوو؟
ڕاستیەکەی زۆر بەباشی چارەسەریان دەکردم، بەزەردەخەنەیەکی گەورەوە گووتی زمانەکەیانم نەدەزانی و تالەوێش بووم یەک وشەفێر نەبووم،گوێستان و خۆی بەمە پێکەنین.
بەڵام وام لێکردن لێم تێبگەن فێری هەندێک وشەی کوردیم کردن.
کوێت ئازاری هەبوو؟
پتر چاووم و قووڕگم.
ئەی ئێستا تەندرووستیت باشە؟

بەڵێ باشە بەڵام هەتاماوم منداڵم نابێت و نەزۆک بووم.

ئەمەی دەووت و زوو زوو خەریکی چاککردنی سەرپۆشە  شیفۆنە ڕەشە پولەکاویەکەی بوو کە بەردەوام لەسەری دەبووەوە.
دەتوانم بێژم کە جلوبەرگەکانی تابان جوانە بەڵام  تێناگەم بۆ ئەو بەرگە گەرمەی لەبەردایە.
کراسێکی درێژی رەشی گوولچینی قۆڵدار  کە ژێرکراسەکەی لێوە دیارە، پاشان ژێرکراسێکی ڕەشی ئەستوورو تاخوار کەمەر، سوخمەیەکی گووڵ گوولاوی قۆڵدرێژ تاناوقەد پاشانیش دەرپێیەکی درێژی زیوی تا لای پێ و هەندێک پارچەجلی دیکە.
لەوکاتەدا پیاوەکان لە مەلە هاتنەوە،یاڵتە رووی تێکردم و گووتی. ئەزانی چی پیاوەکان یەکی شەرواڵێکی درێژی سپیان  لەژێر شەرواڵە کوردیەکانیانەوە  لەبەردایە.سەرم لە شێرکۆ قەڵەو سەرسووڕمابوو،بەهۆی گەرماوە دەمووچاوی هێندەی دیکە سووربووبوو بە چەشنێک ڕەشی دەنوان،
لەژێری ژێرەوە تی شێرتێکی لەبەردابوو{فانیلەی سپی}،پاشان کراسێکی سپی،ئەوجا بەسەر ئەمانەدا چاکەتە تەسکە کوردیەکە، کە دەچێتە خوارەوە بۆ ناو شەرواڵەکە،لەدوایشدا پشتوێنێکی درێژی 8 مەتری  چەنین چار بەدەروەی ورگیدا پێچدابوو.
لەبەشی خوارەوەش درەپێیەکی کورت پاشان یەکێکی درێژ تر ئەوجا شەرواڵە درێژەکەی سەری سەرەوە،وێرای ئەمانەش دیارە هەموو پیاوێکی کورد یەکی جووتی گۆرەوی گەرمیان لە پێدایە.
دەمێک لە کوێستانم پرسی بۆ ئەم جلە گەرمانە لەبەردەکەن ؟وتی  ئەوە ترادیشێونە ترادیشێۆن.
بەڵام ئەوە زۆر زەحمەت و گەرمە.
کەی باران دەست بەبارین دەکات؟یاڵتە پرسی
محەمەد وەڵامی  داوە لە مانگی ئۆکتۆبەردا .
 بۆسەر لەبەیانی ڕۆژی دوایی دەمێک جیابووینەوە حەمەد زۆر نیگەران بوو بۆمان بۆیە گووتی ئاگاداری خۆتان بن ،تائێستاش  گرووپە ئیسلامیە فووندەمانتالیستەکان لەم دەڤەرە هەن.کووشتنی مرۆڤ بەلایانەوە هیچ گرنگ نیە باکیشیان نیە ئەوەی دەکوژن کێیە و چ ناسنامەیەکی هەیە.
لەڕێگەماندا سەردانی ئەو مۆنۆمەنتەشمان کرد کەبۆ ڕێز لێگرتن لە قوربانیەکانی چەکی کیمیاوی درووستکراوە،ناوی هەر 5000 شەهیدەکە لەسەر بەردی مەڕمەڕ بەدیوارەکەوە هەڵکۆڵراوە.
گوومەزی ڕووی دەرەوەی مۆنۆمەنتەکە  لە شیوەی دوودستدایە بەدەوری گۆی زەویدا ، زۆر کاریگەری هەبوو لەسەرم بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە تیدا بەکار هێنراوە ،چونکە ئەوە گۆی زەوی هەموومانە.